ئەو دەقانەی شیعریەت بەرهەم ناهێنن دەکرێ بەشیعری سپی پێلین بکرێن، شیعری سپی شیعرێکە زیاتر مەرکی هەوڵی بەسەرەوەیە. واتا ڕاگەیاندنی شتێک یان دەربڕینی ئازارێک لەچەند وشەیەکدا، ئەوەی ڕەوانەش دەتەبەر گومان و دەیبیستین و دەیخوێنینەوە لەشیعر بەشی زۆریان خاڵین لەشیعربوون و شیعریەت، چونکە زۆر لەو دەقانە تەنیا قسەکردنن، وتارن، گلەیی و گازاندەی ڕەوانن، هیچ پەیوەندیان بەشیعرەوە نییە، شیعر خەی چەژبەخشین و هەست بزواندن و ختوکە دانی خوێنەرە، بەڵام لەم بەرهەمانەدا زەرجار دەق خاڵییە لەهەست و سۆز، تەنیا ڕیزکردنی وشەیە.
زمان خاڵی یەکەمی بوونی دەقێکە بەشیعر، چونکە زمان جەوهەر و کەڵکی شیعرە، بەیە پەیستە لەو بەرهەمانەدا زمان ئیشی باشتر و

وردتر و چڕتری بە بکرێ لەناو شیعردا، هەسوڵ حەمزەتاڤ دەڵێ: (کەسێك بوێرێ شیعر بنووسێ و زمانیش نەزانێ، وەك شتێك وایە مەلەوانی نەزانێ و خۆی فڕێ بداتە ئووبارێکی هەچووەوە). کەواتا خاڵی بوونی دڵق لەشیعریەت هیچ مانایەکی شیعری هەناگرێ لەستێیەکی ئاگیاندن یان ئیزکردنی چەند وشێیەکی ئاسایی زیاتر.
لەسەر نووسەر و شاعیر و دڵق نووس پێویستە وردتر، جوانتر، باشتر وردببنەوە و جوانتر کار لەسەر شیعر بکەن تایبەت زمان، وەک وتمان زمان کۆکی جوانی و باشی شیعرە. هەروەک وتراوە.(زمان بە خۆی جوهەر بەخشە و شیعریش جوهەری خۆی لەزمانەوە وەردەگرێت) بەو پێیەی شیعریەت بوونی دڵق زیاتر پێووستە بەزمانەوە هەموو جوڕە جوانی و ئیتم و ئاواز و ئەستاتیکای شیعری خۆی لەزمان دەبینتەوە، کەواتا خوێنەری باش و بەسەلیقە و ورد چەن دڵقی باش و خراپ لەك جیادەکاتەوە، ئەمە چڕژ و باڵابوونی دڵقە وادەکات خوێنەر سنووری نەوان ئەو دڵقانە دیاری بکات، هەروەک ئیچارد هەڵد دەڵێ: (شیعر هونەرەکە مەبەستی ئەنجامدانی گەورەترین چڕژ بەخشینە بە گوێگر) هەر لەڕگەی چڕژی خوێندنەوەی دڵقە خوێنەر دەزانێ کام دڵق باشە و کامەی خراپە.

کاروان حەسەن سلێمان
٢٠٢٢/٢/٢١

ڕزا حەمە بولبوولێکی خۆشخوان لە گوڕزاری شیعری گۆرانییدا.. کاروان حەسەن

شیعری گۆرانی یەکێکە لە جۆرەکانی شیعری کوردی و هاوشانی شیعری دڵداری و شیعری فۆرکردن و هتد..
ئەم جۆرە شیعرە زمانی ویژدانێ و شان بەشانی گۆرانی ڕۆیشتووە، دیارە گۆرانی لەلای هەموو نەتەوەیەك باوە و کەس لەی بەبەش نییە، شیعری گۆرانی واتا ئەو شیعرەی بە گۆرانی هەڵدەبژێردرێت و ئۆگۆرچی خۆی هونەرمەندەکە دەت و شیعرەکە هەڵدەبژێرێت، ئەوە ناگەیەنێ کە

شاعیر بەت شیعر بە گۆرانی بڵێت بەڵکو ئەو هونەرمەندە شیعرەکە هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە گۆرانی، زۆرتر شیعری لیریک ئاوازیان بە دادەنرێت و دەکرێن بە گۆرانی بۆکاردن و بۆئاسانی و بۆجوانی و خۆشتر ئۆچنە دەنگ و جۆرێک لە ئاواز و مۆسیقی و ڕیتمی ناوەوە و دەرەوەی هەندە چێژبەخشە زیاتر بە گۆرانیدەبە و لەبارتر و جوانترە بە وتن. واتا جۆرێک لەشیعر هەیە و هونەرمەند هەیدەبژێرێ و جۆرێک لە ئاوازی بە دادەنێ و دەیچڕێ.
هەزاحەمە یەکێکە لەو شاعیرە جواننووس و پە ئەزموونانەی ئەدەبی کوردی. ئەو چل ساڵێکە دەنووسێ و ژیانی خۆی ئاوێتەی شیعر کردووە، یان شیعری ئاوێتەی ژیانی خۆی کردووە. ئەو لەووی نووسینەوە کەم دەنووسێ بەڵام زۆر قوڵ و پە مانا و چێژبەخش دەنووسێ، شیعرەکانی تام و چێژی تایبەت و ڕیتم و ئاوازی پێ جێش و خرۆشیان تێدایە. وەک بەرهەمی هەزا حەمە تەنیا نامیلکەیەکی بچکۆڵە بەناو کردەتەوە بەناوی (مەبەندەکەی لەمەڵ ئەمە)جگە لەم نامیلکەیە هیچ دیوان و بەرهەمێکی تری چاپ نەکردووە.
زمانی شیعری و شێوەی نووسینی هەزاحەمەی شاعیر جۆرێک لە ژیانی پە لەخەم و کەسەر و سەز و غەریبی و نیشان دەدەن، خۆشویستی و پەیوەست بوون بەنیشتمان و گەلەوە دەبەستێتەوە. سەز و دەربرین و هاوخەمی بە خەڵک و گەلی خۆی بەتە جۆرێک لە زمان و سەزداری بە میللەت و نەتەوە،هەزا حەمە لەهەی شیعرەوە سەز و هەستی ناخی دەردەبڕێ و دەیگەیەنە و هەموو ئەو وشە پەنگ خواردووانەی ناخی ئەو مرۆڤانەی کەتوانای دەربینیان نییە بەهەر هەکارێکەوە بێت ئەم لەجیاتی ئەوانەوە دەریان دەبڕێ. یان وەک هەزا حەمە خۆی دەڵێ: (مرۆڤ خۆی لەخۆیدا شیعرێکی جوانە. بەڵام ئەفسوس هەموو مرۆڤێک ناتوانێ خۆی بنووسێتەوە).
هەرلەکۆنەوە گوتراوە کە (زمان گۆرانی بووە، یان زمان شیعر بووە). واتا زمان و گۆرانی و شیعر هەر لەکۆنەوە پەیوەندی پتەویان لەنێواندا هەبووە. نەزمان بە شیعر دەبە نەشیعریش بە زمان دەبە، واتە (گۆرانی و شیعر و مۆسیقا هەر لە سەرەتای مرۆڤی سەرەتاییەوە سەریان هەڵداوە و پەیوەندییەکی لەگەڵ دانەبڕاو لە نێوانیاندا هەیە. بەواتایەکی تر شیعر هەرلەبنچینەوە مەزموونێکی ئاوازدارە).
بە وردبوونەوە لە چەند نموونەیەک لەشیعرەکانی هەزا حەمەی شاعیر باشتر و جوانتر لێیان تێبگەین.

کەس نییە لە ئەمە لەابردووداو تا هەڕی ئەمڕۆش گوبیستی شیعرەکانی هەزا حەمە نەبووبێ . یان چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی دەخەمە ڕوو.

کەم هەیە لە ئەمڕۆ چ لە ئاستا و چ لە ئابڕووەدا گوێی لە دەنگێ بەستەزمکەی مامستا ئیبراهیم خەیات نەبووبێ و لەگەڵ گۆرانی (ئەمە گیانەکین لەدوو جەستەدا) هەست و سۆزی نەخرۆشابێ. دەقی ئەم شیعرە یەکەکە لە شیعرە جوان و پڕ سۆز و بەچێژەکانی ئازا حەمە. کە لەدوا دەی شیعرەکەیدا زۆر هونەریانە و وەستایانە ئاماژەی بەناوەکەی خۆی (ئازا) کردووە. ئەم گۆرانییە لە ساڵی (1983) تەلەفزیۆنی کۆرکووک تۆماری کردووە. ئەمەش دەقی شیعرەکەیە بەناوی (پەیمان)

ئەمە گیانەکین لە دوو جەستەدا
وەک شیعر و ئاواز لەیەک بەستەدا
دنیا ناتوانێ لەکەمان کاتەوە
مەگەرخوا بەختەی بمانباتەوە
ئەمە پڕوردەی یەک خوێن و ئاوین
بە یەک مەبەست و بەیەک پەناوین
لە ناو یەکتردا تووایەنەوە
ئەبواری یەک ئاین جیانابێنەوە
پەیمانماندا وە تا لە ژینا بین
بەتەنها ساتێ بە یەکتر نابین
ئەگەر لەودنیاش زیندوو بینەوە
هەر وەکو ئەستا یەک ئەگرینەوە
یەک بەیەکتری خۆراکی گیانین
لە تەنگانەدا بەیەک قوربانین
عەشقی پیرۆزی ئەمە وەهایە
هەتا خواوندیش لەمان(ەزا)یە

هەر هەمان کات و هەمان ساڵ هەمان هونەرمەند گۆرانی (گۆردوونی) تۆمارکرد، کە دەقی شیعرەکە ئەمەیە .

ئەگەر گۆردوون درێ ناکا، بائەفسانەی خۆی بنوێنێ
جوانێکی تر لە وێنەی تۆ لە دنیادا بخولقێنێ

هونەرمەندی دەنگ خۆش (بەهجەت یەحیا) شیعرەکی پڕ ئاوازی (ئازا حەمە)ی شاعیری کردۆتە گۆرانی و لە ئاواز و ڕیتمەکی پڕ جۆش و خرۆشدا بەدەنگێ نەرمەکەی خۆی بەمانی چێوە، ئەمەش شیعرەکەیە.

من ئازانم مشتە خەمە
شەوانەم چەپکە ئازارە
چاوم وەکو چاوی نالی
لە دووریتا دوو ئووبارە
تەنیایی بۆتە دایەنی

کەرپەی حەز و خەونەکانم
کەس گوێ ناگرێ لە ئاوازی
هەنسک و کوڵی گریانم
لەگەڵ کام ڕووباردا بڕۆم
بەرەو کام ئاسمان هەڵفڕم
کە پابەندی غەریبی بم
شوێن پەی کام خەزگە هەڵگرم
تێبینی هونەرمەند بەهجەت یەحیا دوو سێ کەپلە شیعری خوالێخۆشبوو (شەرکە بکەسی) تەهەکەش بە گرانییەکە کردووە. بەڵام شیعرەکەی شەرکە بکەسی کردووە بە مقامێک لەکەتایی گرانییەکەدا.
هونەرمەند خالید ڕەشید چەند شیعرێکی ڕەزا حەمە کردۆتە گرانی و خەمەکانی غوربەتمان بە هەڵدەڕژێ، ئەمەش دەقی شیعری غوربەت:
بە ڕەنگ و بەیە، جیهانی غوربەت
پڕە لە تاسە و هەنسک و حەسرەت
کە من ڕەحەکەم لە کوردستانە
بە من چی خەشی ئەم هەندەرانە
بە ناز و بە کەس، بە دەست و هاودەم
بوومەتە هاوڕێی گیانی خەم
هەندەم نەشیوە تاڵی جودایی
بوومەتە پاشای دنیای تەنیایی
بە کەڵ و دەستە و ماڵ میوانم
بە بە هاوخوان و بە دیوەخانم
مەڵێن هاوارم بەسەر زاریە
بوونم وابەستەی کوردەواریە
من خەشی ژیان نەیخەڵەتاندم
دەستی زەرداری دەری پەڕاندم
بە داڵدە و چارەم، نیمە دەرەتان
لەوە ڕەح کەشان، لەڕە ڕەح سووتان

هونەرمەند خالید ڕەشید ئاوازێکی پە لە سزی بە شیعرێکی ڕەمانسی ڕەزاحەمە داناوە و هەرخەشی چریویەتی بەناوی (بووکی ئەوارە) ئەمەش دەقی ئەو شیعرەیە و چەژێکی تایبەتی هەیە.
بەرامەی پاش بارانی کەم
لە لاملی جوانت ئەدەم
دەتکەم بە بووکی ئەوارە و
زەردەپەڕت لەبەرئەکەم
شەو جەی شیعرت بە ئادەخەم

تریفەی مانگت پیادەدەم
ئەستێرە بت بجریونێ
فریشتەی خۆو بتنوێنێ
نەرمە با شەپۆلی قژت
بەسەر ڕووتا ببا و بنێ
خۆشویستیم بتە خەوت و
سپێدە بۆئاگات بنێ
ئەگەر ئەم دنیا گوڵەک بێ
تەی ئافرەت ڕەنگ و بۆیەتی
هەرکەسکیش تەی خۆشنوێ
دیارێ ڕەقی لێ خۆیەتی

دیسان هونەرمەند خالید ڕەشید شیعرەکی تری ڕەزا حەمە دەکاتە گۆرانی بۆناوی (سەفی) دا بەدەنگێ پێ سەزەکەی خۆی چریوە و بە پێیقە سەنگین و ناسک و جوانەکانی ڕەزا حەمە ئاشنامان دەکات. ئەمش دەقی شیعرەکەیە.

هەی بەسەفی مەزهەبی دوو چاوت بم
وەی بە شێخی تەریقەی دوو لێوت بم
سوتانی ڕەحمەکەم، لێسینەم وەدەربێ
گەی عەشق لەباڵەای ئەم دنیا بەردەبێ
خۆشویستیم پێیامێکی ئاسمانییە
بێ تە سووتان شەهادەت و قوربانییە
من نە مەمم نە فەرهادم نە دەوانەم
پێغەمبەری خۆشویستی ئەم زەمانەم
لەدەداری سەردەم ناچێ ئەم عەشقەی من
ئەفسانەیە، داستانێکە گۆرێ و مەزن

هونەرمەند کاوە حەمە ساڵح دەقێکی شیعری ڕەزا حەمەی کردەتە گۆرانی و لە ناخێکی پێ هەست و سۆزی غوربەت و دووری لە گەل و نیشتمان بە دەنگێ زوڵاڵەکەی بەمانی چێیو. ئەمش دەقەکەیە بۆناوی (غەریبی)

گەر غەریبی چاوم بوایە
لەمژبوو دەرمەنابوو
هیوای ئایندەم نەبایە
ئەستا ئەسکیشم نەما بوو
غەریبی ژانە، خورپەیە
سووتانێکی بێ کۆپەیە
خەزانی توشیی و نەهاتە

وشکه گریان، مەرگەساتە
گۆڕاوی گۆمێکی مەنگە
تونێلی تاریکی و مەرگە
زامێکە تابڵێی بەسۆ
هاوارێکە ناگەتە جێ

هەر هونەرمەند کاوێ حەمە ساڵح بەدەنگێ خۆش و پێ لێ حەماسەکەی دەقێکی تری وەرگرتووە و بە ئاوازێکی پێ جۆش و خرۆش بەدەنگێ خۆشکەی بەمان دەچڕێ و کارەساتی ئەنفالمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەمەش دەقەکەیەتی:

ئەگەر وتیان هەواری کاروانی ئێوە بۆچی دووره
ئەگەر وتیان داروبەردی وڵاتەکەی لەمەڕ ئێوە بۆچی سووره
هەموو هاوارکەن بەجارێ
بڵێن، چونکە:
لەئاسمانی مەڕبەندەکەی لەمەڕ ئێمە
لەجێی باران خوێن دەبارێ، خوێن دەبارێ
خوێن دەباری

جگێ لەم بەرهەمانەی سەروو کەباس کران هونەرمەندی تریش شیعری ڕەزا حەمەیان کردووەتە گۆرانی و چەیویانە وەک (ناسەی ڕەزازی) شیعری (هێ هەزەکەم دەنگی زوڵاڵی تێ نەبێ) و زاهی جەلال و جیهان ئیبراهیم خەیات و کیژان ئیبراهیم خەیات و هی تر.

کاروان حەسەن / هەولێر
(1/1/2022)

کوردوەک میللەتێکی دیل و کێبڵێ.. کاروان حەسەن

لەمابەینی کاو سوور و کاو ڕەش
پەرشان و دیارن میسلی گای بەش

حاجی قادری کۆیی

کورد میللەتێکی دیل و کێڵەی ژێردەستی دوژمن، لەوەتەی هەیە ژێر دەست بووە و هەمیشە گوڵەایەڵی بێگانە و دوژمن و ناحەزان بووە، ئاگرچی جارجار توانیویەتی لەسنوری میرنشین، هەرێم، حکوومەت چەند ناوچەیەک بەدەوە ببات. بەڵام دواجار بەویستی بێگانە و لەژێر فشاری حکوومەتە سنوریەکانی دەوروبەری و دەستی ڕەشی پیسی ناوخۆ بەرەو هەدەر چووەو هاتنەوە خاڵی سفر. لەدەر زمانەوە دوژمن توانیویەتی ئەو دەستەشە پیسەی ناوخۆ بکڕێ و دەستەمۆی بکا بە مەرام و نیازە گاوکانی خۆی هەرکاتێکیش کورد بەرەو بەهێز بوون چوبێ و بێنیازی بەدیهێنانی مافکانی بووبێ ئەوا دەستی لەرزەکی ناوخۆ زەر بە بزەییانە و دوور لەبەها مرۆڤایەتییەکان لەخزمەت دوژمن وەستاوە بە نەهاتنەدی ئامانج و مافکانی میللەتی کورد ئاگرچی ئەمانە بەچەکی کوردیشن ! بەڵام لەئەرک و ئەخلاق و بنەما نەتەوەییەکانی خۆیان لایانداوە و لەپێناو چەند پاداشتکی کاتی میللەت و گەل و نەتەوە و خاکی خۆیان هەڵاجی دەستی دوژمن کردووە.
لەرەوە دەینە سەرباسی هەندێ شیعری شاعیران لەبارەی ئەو دەستە ڕەشە چەکنە ناوخۆییە و بە چاوخشاندنێک شتێکی لە هەدەکەنین، بەهیوای سوود وەرگرتن .
حاجی قادری کۆیی (١٨١٧- ١٨٩٧) لە دیوانەکەیدا کە پڕیەتی لە پەند و ئامۆژگاری و وانە، لەچەند شوێنێک باس لەیەکێیزی و ناتەبایی و بە دەوڵەتی و دەستی پیسی ناوخۆ دەکات و لەهەموو ئەو دەڵانەشدا ئامۆژگاریمان دەکات کە خزمەتی وڵات، نیشتمان، نەتەوە بکەین و بەیەکێیزی و یەکگرتووی دەتوانین مافکانمان بەدەست بهێنین ئەوەتا دەڵێ:

هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک
ئاگر تەفان بێ لەشکرتان بەپووشەک

لەدوو دەڵی تردا حاجی زەر بەڵاستی دەدوێ و ئەوەمان پێ دەڵێ ئاگر یەکگر و تەبا ویەکگرتوو بین، دەتوانین جیهان بگرن و ببن بە خاوەنی دەوڵەت، هەروەک دەڵێ:

کوردی ئەمڕ نەزان و پاشکۆتن
پێکەوە پووش و ئاگر و نۆتن
بێ ئاگر دەستی یەکتری بگرن
وەک سکەندەر جیهان هەموو دەگرن

حاجی ناوستۆ و دۆستی میللەت دڵگرم تاکو ئێگای ئاست دەدەزنەوە . بەڕام مخابن حاجی ئەوە (١٢٤) ساڵ مردووە هەشتا قسەکانمان بەهێند وەرنەگرتووە مخابن.
لەدڵەکی تردا دەڵێ:

تاڵک نەکەون قەبیلی ئەکراد
هەروا دەبنە خراپە ئاباد

حاجی قادری کۆیی باش لەوگەیشتبوو کەکورد خۆخەر و دەست خۆڕی بگانەن و هەریەکەیان بەلایەکدا ڕەیشتوون و هەرلایەنێک لەدژی ئەوی تر بوونەتە دارە دەستە و دەسکەلای بگانە، دوژمن چەنی بوە وای لەدەخەڵە لەدژی براکانی تری مەبەست کورد بەکورد کوشتن و شەڕی براکانە کەئامانجی دوژمن ئەوەیە کورد بەکورد بکوژە و لەدژی یەک هاریان بکات ئەوەتا تاکو ئێستاشی لەگەڵدابە کوردی نگبەت هەر لایەنێک لەدژی ئەوی تر پاپشت و مەیتەری دەوەتەکە لەدەوەتانی هاوسنور .حاجی قادر زۆر جوان وتوویەتی :

لەمابەینی کاو سوور و کاو ڕەش
پەرشان و دیارن میسلی گای بەش

کەلەردا حاجی مەبەستی لەکاو سوور تورکە عوسمانییەکانە چونکە فەسی سووریان لەسەربوو ، کاو ڕەشیش مەبەستی لەئێرانییە قاجاریەکان بوو کەفەسی ڕەشیان لەسەربوو..

کاروان حەسەن ٢٠٢١/١٢/٢
هەولێر

شاعیر لە نێوان ڕەخنە و غروریدا.. کاروان حەسەن

هەوومان کە گومان لە وشەی ڕەخنە دەبە لەدەوە نائومێد و دڵمان پڕی توند دەبێت، چونکە بونیادی مرۆڤ وایە بەکەمترین وشەی دژ هەڵدەچێ و میزاج و سەروسیمای ئاڵوزدەبە و تووشی داماندەروونی

دەبێ کە ئەمە گەورەترین هەڵەو تێگەیشتنە لەواقیعی کارەکە، چونکە مەرج نییە ئەو هەڵخەڵەتاوخۆنەربێ، ئەشە بنیات نەر بێت و بارەو کاری دروستتر و باشتر و جوانترت بۆ بکرێ.
ڕاستە تاادەیەک تۆ بەکارەک ماندووبوویت و یەکەک بێت سەرتاپای کارەکەت بەهیچ بزانێ مافی خۆت پێت ناخۆشبێ و لێی زوێر بیت و دڵت بەنجێ بەهام کە دوو وشە و هەڵخەڵەی بنیات نەر لەبەرهەم و کارەکەت گیرا ئەبێ سوپاسگوزاربیت و دڵت خۆشبێ نەوەک ناحاڵیبوون و غروری و زوێر بیت، ئەوەی لێرە ئامانجی سەرکیبێ زەر جار تووشی ئەو جۆرە هوو بووبوونەوانە دەبین و لەجیاتی دڵستخۆشی و دڵخۆشی بەرامبەر تووڕەیی و ناحاڵی بوون دڵتەکایەوە، ئەبێ تۆ بزانی و لەکی بکەیەوە کە بیروڕای کەسی ئەکادیمی و لێزان و شارەزا لەو کار و بارەهەم و ئەو بابەتانەی مەبەستە، جیایە لەگەڵ کەسێکی تر کەهەرخەی پێ ڕاستە و ڕا و بەچوونی بەرامبەر وەرناگرێ و پێی وایە تۆ هەڵەی، کەکی مەبەست لەم نووسینە ئەوەیە هەندێ شاعیر بە هەڵخەڵە گرتن زووێر دەبن و ناتوانن خوێنەرکانیان قەناعەت پێبهێنن و مەبەستی سەرەکی و مانای وردی شیعرکانیان بە خوێنەر بخوێنەوە، تایبەت لە تەڵەکەمەڵەیتییەکان کە ئێستا زیاتر گفتوگۆ و باس لە تەڵەکەمەڵەیتییەکان هەیە، بەیە ئەبێ هەم خوێنەری شیعر وردبینتر بێت و هەم شاعیریش بەدڵێکی فراوانەوە هەڵخەڵەکانی قبوڵ بێت.

(جان ری)ی نووسەر، زەر جوان وتوویەتی:
کەسێک بەدیقەتەوە گوێ بە هەڵخەڵە لێگەڕکانی بگرێت، ئەو کەسە خوازیاری پشکۆتنە.(١) بەیە زەر جار لە تەڵەی کەمەڵەیتی فەیس بووک کە شیعرێک دادەنرێ و باو دەکرێتەوە، زەربەی خوێنەران هەر دەستخۆشی دەکەن و دەنووسن(جوانە، بژیت، دەست خۆش) کەلەوانەیە دەقەکەی نەشخوێندبێتەوە و هەچیشی لە حاڵی نەبووبێت، کەچی خوێنەرێکی بەسەلیقە و وردکاتێک هەڵخەڵەیەک لەدەقەکە دەگرێ، یان ڕاو و بەچوونی جیایە یاخود سەرنجێکی هەیە، خاوەن دەق پێی تووڕەبێ و هەڵدەچێ و دەبێتە گفتوگۆیەکی ناشیرین و لێک حاڵی نەبوون ووددات. زەر جار دەچێتە ئەو دەڕەی کە ناوزڕاندن و وشەی نەشیاوی لێبکەوێتەوە، کە ئەمەش لە خووەوشت و ئەدای شاعیر و نووسەران ناوەشێتەوە و ئاکارێکی جوان نییە.
خوێنەری بەسەلیقە و وردبینێت باشتر حاڵی بێت و لەدەقەکە تێبگات، بەیە جاری وا هەیە پرسیارێکی بە دروست دەبێت مافی خۆیەتی تێی بگات و لێی وردبێتەوە، شاعیریش پێویستە بەدڵێکی فراوانەوە چی هەڵخەڵە و سەرنج و تێبینی هەیە وەریان بگرێ و سوودیان لێ ببینێ، نەوەک پێی ناخۆش بێت و تووشی شلەژان و هەڵچوونی دەروونی بکات.

ئەو جوانی و تەگەیشتوویی شاعیرە ئەگەر قبوڵی هەموو ئایەکان بکات،لەم سەردەمدا شیعر هەندێ ئاڵۆز بووە، جاری وا هەیە خودی شاعیریش خۆی نازانێ چۆن شیکردنەوەی بۆ بکات و بزانێ جوانترین مانا و مەبەست کامەیە؟ بۆیە ئەبێ وردتر، جوانتر، باشتر لەبەختەوەر تێبگەین و لێی بڕوانین، ئەو بەختەوەرییە نووسەر، شاعیر بۆرەو پێشەوە دەبات، ئەو خوێنەری کارا و وردبین و بەسەرنجە شاعیر دەخاتە ڕێزی باشترینەکان و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، زەرجار دەستخۆشی و چەپڵەلێدان شاعیر و نووسەر دەخێنە دەخی مەغرووری و لەخۆبایی بوونەوە تەسەیری (گەران) ی شاعیر بکە، ئەو ڕابەر و نوێکەرەوەی شیعری کوردی بوو هێندە ورد و جوانەووس بوو، کەچی دەڵێ:
(من کە دەکەومە سەر شیعر نووسین، نەک هەر بەهەز دەبم، بەڵکو نەخۆشیش دەبم، نەخۆشیەکی زەر قورسیش، هەست بەئازارێکی زەر دەکەم و ئاگام لەدەوور و بەری خۆم نامێنێ، تا لەشیعر دانانەکە دەبمەوە، ئینجا وردە وردە، بەخۆ دەمەوە و دوای ماوەیەک دەبمەوە مرۆڤێکی ئاسایی)(٢) کەچی شاعیر هەیە بە نامیلکەیەک بەچەند دەقەک لەخۆی بایی دەبێت و وەڵامی خوێنەر نادا تەوە بەبیانووی ئەوەی خوێنەر لەدەقەکانی ئەو تێناگات و نەگەیشتە تاستی وشەکانی ئەو، ئەمە جۆرێکە لەغرروریەتی شاعیر و بەهەند وەرنەگرتنی سەرنج و ڕەخنەی خوێنەر.

---

(١)من و ئەمە ، بەرگی یەکەم ،ئامیر ڕەزا ئارمیوون، چاپی یەکەم ٢٠١٩ ل١١١
(٢) گەران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر، ڕەبوار حەمە تەفیق،چاپی یەکەم- سلێمانی 2007 ل ٤١٧

بۆچی گەنجان زەربەیان شاعیرن!.. کاروان حەسەن

لەسەردەمی ئێستادا، شیعر پانتاییەکی زەری دنیای ئەدەبی داگیر کردووە، تایبەت لەئەدەبی کوردییەوە کە باسکەی ئەمە پێوەندی بە

وەو هەیە، لەرەو سەرنجتان بۆ چەند هۆکارێک زیادکۆشین کە بوونەتە هۆکاری سەرکی و بنچینەیی لە بەشاعیر بوونی گەنجان و نووسینی شیعر یان پەخشان یاخود هەر دەربڕینکی تر کە بە خۆ خاڵی کردنەوەی ناخییەتی و ژگار بوونە لەو دەردو کوڵە پە ژانەی لەسینەی هەریەکەیاندا پەنگی خواردووەتەوە و وەک گۆکانێک دەیژەتە دەرەوەی ناخی و خۆی لەو ئێش و ژانە ژگار دەکات، کە ئەمەش بگومان هەمووی ناچەتە چوارچێوەی شیعر و پەخشانی جوان و ڕاست و بەماناوە، بەڵکو زەرجار دەردە دڵەکە و کەسی نووسەر خۆی پەیوەو مژووڵ دەکات و دەیوەڵێنی نووسین، کوڵ و ژانی دڵی بەو نووسینە خاڵی بکاتەوە، چونکە پێسەی نووسین لەیەکەم ئامانجدا بۆتاکەکردنەوە و خاڵی بوونی ناخە لەو ئازار و ژانەی لەدڵی مرۆڤەکان پەنگی خواردووەتەوە، هۆکاری سەرکی و بنەڕەتی بریتییە لە بکاری و زەحمەتی ژیان و بە پارەیی و ئێش و ئازار و مەینەتی ژگار، کە هەموو ئەمانە وایان کردووە، گەنجانێک دەست بدەنە پەنووس و خەم و مەینەتی ژگار لەدە دەرکەن و بیخەنە دوو تۆی لاپەڕەکان و بەناوی نامیلکە و دیوان و بەرهەمی شیعری بناوی بکەنەوە، لەلایەکی تر خیانەت و نەگونجان و ڕاڕایی و تاڵی و سۆری و داوای زەری ڕەگەزی مە لە بەرامبەر شووکردن و ماڵ و حاڵی دوا ژیدا بوونەتە ڕەگەری ئەو بەیەک گەیشتن و بەیەک شادبوونە، بەیە زەرەک لەو کەسانە کە تووشی ئەو جۆرە بارودۆخە بووینە خەیان لەناو شیعردا دەدەزنەوە و ووە دەکەنە شیعر نووسین و شیعر دەکەنە پاڵنەری دەربڕینی ئێش و ژان و ئازارەکانیان. ئەمە جگە لەوەی ئەو شۆن و نەتەوە و وڵاتانەی کێشە و گرفت و شەڕ و شۆڕیان تێدایە شاعیریان زیاترە و زیاتر بەشیعرەوە سەرقاڵن، هەروەک (ئیبن سەلام) دەڵێ:

ئەو نەتەوانەی شۆڕیان تێدایە زیاتر شیعر دەنووسن و شاعیریان زیاترە، کەواتا هۆکار زەرن بە بوونە شاعیر یان شیعر نووس، چونکە وەک لەسەرەتاوە وتمان ئەمانە هەمووی ناچنە خانەی شاعیر و شیعرەوە، بەڵکو دیوارێکی ئاسنین هەیە کەوەک سنوور لەنێوان ئەو دوانەدا، ئەمەش بەرهەمی باش و جوان دەتوانێ ئەو سنورە لەک جیا بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شیعری ئەمەی کوردی خاوەن شاعیری جواننووس و باش، ژانە بەرهەمی جوان و باش دەبینین و لەبەرامبەریشدا بەرهەمی کرچ و کاڵ و خراپ زەر زیاترە و ژانەش زمارەی بنووس لەزیاد بووندایە، ئەوەی جێی داخە زەرەک لەو شاعیرە جواننووسانە ناسنراون و زەرکیش لەو وشە ژنکەر و بنووسانە زیاد لە مافی خەیان مافیان دراوەتە و بەشان و باڵیاندا هەڵدراوە و گەورە کراون، تەنانەت هەندکیان وەک بازرگان کەوتونەتە گیانی

شیعر و ڕۆژانە دەیان شیعر دەنووسن، لەکاتێکدا مەرج نییە هەموو ڕۆژێک شیعر بنووسرێ و هەموو مانگێک نامیلکەیەک یان بەرهەمێک بخرێتە بازاڕەوە.

خاڵی بوونی هەندێ دەق لەهەست و سۆز و ئاواز و ڕیتمی شیعری وای کردووە بەرهەمەکە هەموو شت بێت تەنیا شیعر نەبێ، کەواتا زۆر گرنگە شیعر هەست و سۆز و دەربڕینێکی جوان و باش بێت و خاڵی نەبێ لە واتای شیعر، بەدیوێکی تر ناکرێ شیعر تەنیا چەند وشەیەکی ڕووت و بێ مانا و سادە بێت، شیعر تەنیا دەربڕین نییە، شیعر تەنیا وشە ڕیزکردن نییە، شیعر تەنیا پێکردنەوەی لاپێڕە سپییەکان نییە بە وشەی سواو و بێ مان و دووبارە، ماکس فرێش دەڵێ:(نووسەر بۆ ئەوە دەنووسێ تا باشتر بەرگەی نەهامەتییەکانی ژیان بگرێت)(1).کەواتا ئەبێ نووسەر ژیان بنووسێتەوە و ئێش و ئازارەکان ببنە کارەکتەر و ژانی ژیان نیشان بدەن و ئازارەکانی مرۆڤ بخەنە ڕوو یان شیعر هەر بۆ ئەوە نییە شاعیر بۆ خودی خۆی بینووسێت و تەنیا خودی خۆی مانای بکاتەوە، ئەبێ خوێنەریش لەو واتا مەجازی و نهێنییانە بگات و بیان دەزێتەوە کە شاعیر بەهەی کەد و ڕەمز و فەلسەفەوە لەناو بڕێتی شیعر دەیان شارێتەوە، لەلایەکی تر شیعر ئەگەر چۆڕی پێ نەبەخشی و نەیتوانی دەروونت بخاتە ئارامی و چێژێک نەخاتە دڵتەوە شیعر بوونی لە چیدایە؟

ڕیچارد هەرد دەڵێ:(شیعر هونەرێکە مەبەستی ئەنجامدانی گەورەترین چێژ بەخشینە بە گوێگر).(2)

لەلایەکی تر زۆر بوونی شیعر پەیوەندی بەو بە سانسۆری و نەبوونی فلتەرێکی چاک و باش لە کەسانی شارەزا و لەزان لەچاپخانە و وەزارەتی ڕۆشنبیری وای کردووە هەرچی بە، بە خوێندنەوە و جیاکردنەوەی باش و خراپ لەچاپ بدرێ و بکرێتە کتێب و ناوی بنرێ(نامیلکە، دیوان، بەرهەم) لەڕووە تەنیا باس لەو زۆری و بەرییەی شیعر کراوە و دەکرێ ئەگەرنا بینە سەر خاڵی تر و تایبەتمەندی تری شیعر لەزەربەی بەرهەم و دیوان و نامیلکە شیعرییەکان بەبەش دەبن لە ناوی شیعر و تەنیا چەند وشە ڕیزکردنێک لەخەیان دەگرن، چونکە زمان گرنگترین شتە لە شیعردا کەچی لە شیعری ئەمڕدا زۆر بەکەمی ئەو خاڵە بنەڕەتییەی شیعر هەست پێدەکەین و دەیبینین. چونکە (بەبێ زمانێک کە هەڵگری هەردوو ڕەگەزی ئەستاتیکا و بابەت بێت، ئەستەمە دەقێک ببێ بەشیعر)(3)

کاروان حەسەن ـ هەولێر

_____

سەرچاوە:

(1) ئینتەرنێت.

(2) دەروازەی شیعر ناسین، جەمال حەبیب اللە (بەدار)، لێبڕاوکراوەکانی دەزگای نارین، 2012 ل18

(3) گەلان بەدوای جیهانێکی دیکەدا ، سەدیق سەعید وانەزی ،لەبلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما ، چاپی یەکەم . هەولێر 2011 ل 5

لە یادی ڕۆژنامەی کوردستاندا.. کاروان حەسەن سلێمان

پێناسەی ڕۆژنامە

ڕۆژنامە: بریتی یە لە چەند لاپەڕەیەکی نووسراوی پڕ زانیاری تایبەت بە ژیان و گوزەرانی خەڵك و لەهەمان کاتیشدا چەند زانیاری دیکەی بوون لەخۆ دەگرێ، کە بەشێوازێکی زۆر تایبەت نوسراوە و پتر لە قەبارەیەك بەبێ جیاوازی بڵاوی تێدا دەکەن بەجۆرێك ڕۆژنامە ببێتە پردێك لەنێوان خەڵك و ئەو دەسەڵاتەی کە فەرمانڕەوایی ئەو شوێنە دەکات کە ڕۆژنامەکەی تێدا لەدایك دەبێت . یان بە واتایەکی تر(ڕۆژنامە: زمانی عەقڵ و مەعریفە و هۆخساری گڕش و پێشنگداری وەرچەرخانی چەرخ و پێوشکێ تیشکی مژدەبەخشی نەو شێوە زەنگی جەهالەت و مینبەر و بەندگەی دەنگ زوڵم و بزوێنەری کاریگەری بیر وهۆش) کەواتە ڕۆژنامە: سەکەی بەرینی ئازادی جڕش و خرۆشدانی هزر و بانگ بڕژی و حەق بڕژی ئابوون و مەیدانی مبازی سوارچاکانی ئازادی خواز و هزرڤانێ.

ڕۆژنامە لە کورتترین پێناسەدا بریتیە لە گواستنەوەی هوواو ، بەڵام وەك چۆن هوواو بە شکڵ لە جۆگەی کەمگا، بەهەمان شێوە ئەو جۆگەیە لەگەڵ چرکە و واقیعی هەست پێکراودا هوو بووی گەڵانکاری دەبێتەوە.

کەواتا رۆژنامە واتا(هەوال ، پیشەسازی، تەمارکردنی ڕووداوی ڕۆژانە، قوتابخانەی فێرکردن و پەروەردەیی ،سیاسی ، کۆمەڵایەتی، ڕۆشت، هونەری ، هتد...
وتەی زانایان دەربارەی ڕۆژنامە.
مەهاتما گاندی دەڵێت: هەر خوێندەوارێک لە ڕۆژدا ڕۆژنامەیەک نەخوێنێتەوە ئەمە بە نەزانی ناوی دەبەین.
ڤۆلتێر دەڵێت: ڕۆژنامەنووسی دەزگایەکە بەکەس ناشکێندرێ، بەڵام ئەو جیهانی کۆن دەڕوخێنێ، بە ئەوەی جیهانی نوێ پێکبهێنێ.
ناپلیۆن پۆناپارت دەڵێت: هێندە ترسم لە زمانی ڕۆژنامەنووس یان لە وتارێکی ڕۆژنامەیەی ، هێندە ترسم لەهەزار تۆپ و هەزار سەرباز نییە.
جیفرسۆن دەڵێت: پێم خۆشە لە وڵاتێکدا بژیم کە ڕۆژنامەی هەبێ ئەگەر یاساش نەبێت ، بەڵام پێم خۆش نییە لە وڵاتێک بژیم یاسای هەبێ و ڕۆژنامەی نەبێ.

ڕۆژنامەی کوردستان بۆچی؟
دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان ، پێویستییەکی بەهێزی بۆ چەند هۆیەکی گرنگ هەیە، کە هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ باری ڕۆشنبیری و سیاسی کۆمەڵی کوردەواری و هەندێکیشیان پێویستییان بۆ بار و ئاستی ڕۆشنبیرێتی سیاسی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی دراوسێی کوردەوە هەیە. دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان نیشانەی سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە خەباتی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.
22ی نیسانی 1898 ی زاینی لە قاهیرە وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی نەتەوەی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەیدا هەبووە، دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن نیشتمانپەروەری نەمر میقداد مەدحەت بەدرخانەوە بایەخێکی مەزنی هەبووە، بەوەی ئەو خانەوادە شکۆمەندە دەستێکی باڵایان هەبوو لە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد و بەرەنگاربوونەوەی ژێر دەستی و بانگەشت کردن بۆ بڕوانیی نەتەوەیی لە نێوان گەلی کورد و گەلانی دراوسێ.
ڕۆژنامەگەری بەوەی چەکێکی فکری و ئایدۆلۆژییە کەلەتوانای دایە پەنگ بەناحەزانی گەل و دوژمنە دیار و نادیارەکانی بدا، پێویستە سەنگەری پێشەوەی خەبات بگرێ.
دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە کاتی خۆی دا بەزمانی کوردی و بەناوی (کوردستان) دەنگ و ڕەنگ و سەدایەکی یەکجار گەورە و مانایەکی فرەی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا هەبووە.
ئەو هەکارانەی وایان کرد ڕۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە دەربچێ.

سەبارەت بە دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە وەاتی میسر، وا دیارە بارودۆخ تێیدا لەبار بووە، کە نزیک هەر تەنیا دانانی چاپخانە لە وەاتی عوسمانیدا پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن هەبووە، بەڵکو مافی لە چاپدانی کاغەز و کتێبیش هەر پێویستی بە مۆڵەت هەبووە.
هەوناکبیرانی کورد ماوەیەکی دوور و درێژ بەوەوە خەریک بوون کە بتوانن لە ئەستەنبوڵ یەکەم ڕۆژنامەی کوردی دەربکەن، بەڵام بە هیچ جۆرێک بەهۆی سیاسەتی دواکەوتووی شۆڤێنیانەی سوڵتان(عەبدولحەمید) هەوڵ دەرکردنی ئەو ڕۆژنامەیە یا ئەو پەڕژینە سەری نەگرت بەیە ناچار بوون لە(قاهیرە)ی پایتەختی وەاتی میسر لە چاپخانەی (هلال) ئەو ڕۆژنامەیە دەربکەن.
دەرچوون و بڵاو بوونەوەی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی وەرچەرخانێکی گەورەی لە مێژووی نەتەوەی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازەکەیدا هەبووە، دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن نیشتمان پەروەر و پێشمەرگەی شۆڕشی ڕۆژنامەگەری کوردی(میقداد مەدحەت بەدرخان) بایەخێکی مەزنی هەبووە لە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و بەرەنگاربوونەوەی ژێر دەستی، بەیە کە لەقاهیرەی پایتەختی وەاتی میسر دەرچوو کەمۆڵەک هەکار پاپشت بوون کە لە دوور وەاتی و دوور لە نیشتمانی کوردان دەربچێت گرنگترین ئەو هەکارانەش ئەمانە بوون:
1ـ جولانەوەیەکی بەهێزی چاپەمەنی لە(قاهیرە)دا هەبوو.
2ـ بوونی ئازادی بیر و ڕای سیاسی و چالاکی تر لە قاهیرە وەک لە وەاتانی تر.
3ـ شاری قاهیرە شوێن و مێژبەندێکی گرنگ و چالاکی هەبوو بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گەیاندنی ژمارەکانی بە وەاتانی ئەوروپا و کوردستان.
4ـ بوونی لایەن و دەست لە قاهیرە لە هێزی ماددی و مەعنەویەوە بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان.
5ـ میسر وەاتێکی شارستانی و ڕۆشنبیری بووە تا ساڵی(1896) نزیکەی (224)ڕۆژنامەی لە چاپکراوە و بڵاو کراوەتەوە بەڵام لە وەاتێکی وەک ئێران(20) ڕۆژنامە بڵاو کراوەتەوە و لە عێراقیش(3) ڕۆژنامە بڵاو کراونەتەوە لەو کاتەدا، بەیە لە قاهیرەی پایتەختی وەاتی میسر بزاڤی ڕۆژنامەگەری بایەخ و ئامانجی باشتر بووە لە وەاتانی تر.

بە ناوی لێنرا کوردستان

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە دوور وەات و دوور لە دانیشتوانی نەتەوەی کورد چاپ و بڵاو بوونەوە کە کەمێک هەکار و ئامانجی لە پشتەوە بوو کە لە لایەن سەردەستەی ڕۆژنامە نووسانی کورد (میقداد مەدحەت

بەدرخان) ناوی لێنرا (کوردستان) کە هەمارکانیش ئەمانە بوون .
1ـ بۆ ئاوەی (کوردستان) بە دونیا بناسێنن.
2ـ بۆ ئاووی ناوی (کوردستان) بۆ زیندوویی بمێنێتەوە.
3ـ وەک هیوا بۆ بونەوەیەک بەرامبەر بە دەسەلاتی عوسمانییەکان ، چونکە چەندین شۆرش و ئاپۆڕین و بزوتنەوەی کوردییان دامرکاندبوو.
4ـ میقداد مەدحەت بەدرخان بەدوای کۆشەی میللەتەکدا دەگەڕا کە ئەم میللەتە لە نیشتمانەکدا دژین ئاویش (کوردستان)ـە.
تێنگ و چەمکانی بەردەم ڕۆژنامەی کوردستان :
دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە بارو دۆخێکی تایبەتی خۆیدا سەرتایەکی پڕشنگدار بووە بۆ چوونە ناو ژیانی هۆشیاری نەتەوەیی و پتر پەرەپێدان و خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی، هەر ئاوەش بۆتە فاکتەرێکی کلتوری ڕاستەن.
بەیە ئەم ڕۆژنامەیە بەهەی ئاو هەڵ و مەرجە سیاسییەی کە نەتەوەی کورد هەمیشە تووشی بووە. ڕۆژنامەی (کوردستان) نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئاسایی بەاو ببەتەوە لەبەر ئەم هۆیە و بۆ پاشی هەڵ و مەرجی ئاو سەردەمە بەڕەوبەرانی ئەم ڕۆژنامەیە کە ناچار بوون لە چەند وشاتێک ڕۆژنامەکە دەربکەن و بەاوی بکەنەوە بە هەی گوشاری دەوڵەتی عوسمانی و نێیارانی کورد ،ڕۆژنامەی کوردستان وەنەی چەوسانەوە و کۆڕەوەری میللەتی کورد، ئیتر ئاو ڕۆژنامەیە لە ماوەی چوار ساڵ تەمەنیدا کەمەڵک کۆشە و تێنگ و چەمەیان بە دروستکردووە و تا پەیان کرابە دوژمنایەتی و دژی وەستاون. لەگەڵ هەموو ئەمانشدا ڕۆژنامەکە سنوری خەباتی سیاسی و چەکداری کوردستانی فراوانتر کرد، بەوەی خەباتی ڕۆشنبیری و خوێندەواری تێکەڵ بە یەکتری کرد و هێنایە ناوەوە.

22 ی نیسان ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی

دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) و بەزمانی کوردی لەکاتی خۆی دا بۆ ئەمڕۆی کوردیش بگرە تا دوا ڕۆژیشی لەگەڵدابێت بە ڕۆژنکی مێژوویی و پێشنگدار و هەمیشە دیار و پیرۆز لە هۆتی مێژوویی ڕۆژنامە نووسی کوردی دادەنرێت چونکی دەنگ و هەنگ و سەدایەکی فرە گەورە و مانایەکی گرنگی مێژووی کاروانی ڕۆژنامە نووسی کوردی دا هەبووە .
ڕۆژنامەی کوردستان نەبەرە و یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، ئەم ڕۆژنامەیە لەڕۆکەوتی ڕۆژی پێنج شەممە 9 ی نیسانی ساڵی 1314 ی ڕۆمی بەرانبەر بە 22 ی نیسانی ساڵی 1898 ی زاینی لەشاری قاهیرە لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان) بەاو بووەوە .فەرهاد شاکەیی لە نوسینکدا ئاوە

دووپات دەکاتەوە و دەیسەلمێنێ کە ڕۆژی(21/4/1898) یەکەم ژمارەی کوردی دەرچووە، ئەوەک (22)ی نیسان .
123ساڵ بەر لە ئێستا لە قاهیرەی پایتەختی میسر بناغەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە لایەن میقداد میدحەت بەدرخان لە قاهیرەی پایتەختی میسر دانرا. بنەماڵەی بەدرخانیەکان دوای ئەوەی لە لایەن عوسمانییەکانەوە بێ قاهیرە دوورخرانەوە، دەستیان لە تێکۆشانی بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد بەرنەدا. میقداد میدحەت بەدرخان لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ ڕۆژنامەیەکی بە ناوی «کوردستان» دەرکرد و ئەو ڕۆژنامەیە بوو بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی. بەو هۆیەوەش ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ بە ڕۆژی دەستپێکردنی ڕۆژنامەگەری کوردی دەستنیشانکراوە و ساڵانە یادی دەکرێتەوە.
لەسەر ئەو بناغەیەی کە ڕۆژنامەی کوردستان دایناء، ڕۆژنامەگەری کوردی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەهێز دەبێت و تا ئێستا لەو چوارچێوەیەدا خەباتی بەرچاو کراوە. ڕۆژنامەگەری کوردی و ڕۆژنامەوانانی کورد لە ماوەی 123 ساڵی ڕابردوو تا ئێستا زەحمەتی زۆریان کێشاوە. زۆر جار ڕۆژنامەکان لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەر قەدەغە کراون و زۆر جاریش ڕۆژنامەوانانی کورد کوژراون یان خراونەتە زیندانەکان. لەگەڵ ئەوەشدا مێدیای ئازاد بەردەوامە و ئێستا سەدان ڕۆژنامە، تەلەفزیۆن، گۆڤار و ڕادیۆی کوردی بەردەوامن لە وەشانی خۆیان.

ڕۆژنامەی (کوردستان) نوێنەری ڕۆژنامەگەری کوردی
سەدوبیست و سێ ساڵ لەمەوبەر ڕووناکبیر و نیشتمان پەروەری گەورەی کورد ویەکێم تێکۆشەری مێدانی ڕۆژنامەنووسی کوردی میقداد مەدحەت بەدرخان بێ بەاوکردنەوەی (کوردستان) یەکێم ڕۆژنامەی کوردی بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دانا .سەدەیەك زیاترە نەتەوەی کوردیش قۆناغێکی نوێی لە ژیانی خۆیدا دەست پێکردووە و خاوەنی ڕۆژنامەنووسی بەزمانی خۆیەتی . دەرچوونی (کوردستان) لە(22ی نیسانی 1898) لەقاهیرە بەیەکەك لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوەی کورد دادەنرێ ، چونکە جگە لەوەی بە یەکێم جار بوو کورد ڕۆژنامەی بەزمانی خۆی دەبوو ، لایەنێکی تازە لەتێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیش هاتە نێو ژیانی گەلی کورد
ڕۆژنامەی کوردستان سەرداری ڕۆژنامەگەری نەتەوەی کورد لەڕۆژی پێنج شەممە(22) نیسانی (1898) لەقاهیرەی پایتەختی میسر بەهیممەتی پێشەوایانی ڕۆژنامەنووسی کورد، بنەماڵەی بەدرخانیان ،چاوی پشکووت ، لەماوەی چوار ساڵی تەمەنی دا چەندین جار بەناچاری لێرەو لەوێ ڕەوی پێ دەکراو لەگەڵ گەلانکاریی سیاسیەکاندا ، ژیانی پەسەروەری گوزەراند . ئەوەتا ژمارەکانی ڕۆژنامە کە لەچەند شوێنێك دەرچوون

کە سەرجەمیان (31) ژمارە بوون و لەماوەی چوار ساڵدا دەرچوون .
ئەم ڕۆژنامەیە لەسەرەتادا مدحت بەگی بەدرخان ئەرکی سەرنووسەری و بەڕێوەبەری لەئەستۆدا بوو ، دواتر ناچار بوو بەهۆی نەخۆشیەوە بە عەبدولڕەحمان بەگی برای بسپێرێ .
ڕۆژنامەی کوردستان نەبەرەی ڕۆژنامەگەری کوردی، ئەم ڕۆژنامەیە لە ڕۆکەوتی ڕۆژی پێنج شەممە(9)ی نیسانی ساڵی(1314)ی ڕۆمی بەرانبەر بە (22ی نیسانی 1898)ی زاینی لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسر لە لایەن (میقداد مدحەت بەدرخان) بڵاوکراوەتەوە.
دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردی لەکاتی خۆی دا بەزمانی کوردی و بەناوی (کوردستان) دەنگ و ڕەنگ و سەدایەکی یەکجار گەورە و مانایەکی فرەی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی دا هەبووە.

شکەداربە (123) ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی

لە(22)ی نیسانی هەموو ساڵێکدا ڕۆژنامەنووسان و قەڵەم بەدەستان بەشکەدارییەوە جەژنی ڕۆژنامەگەری و وشەی ڕەسەنی کوردی پیرۆز دەکەن ، چونکە لەوڕۆژدا و (123) ساڵ بەر لەئەمڕۆ لەساڵی (1898)ی زاینی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان) لەسەردەستی(میقداد مدحەت بەدرخان) لەقاهیرەی پایتەختی میسردا چاوکانی هەڵهێناو لەدایکبوو ، ئیدی کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی و وشەی ڕەسەنی کوردی لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە و بەگەلە قەناغی جیاجیادا تێپەڕیوە ، تابەقەناغی زێڕین و گەشی ئەمڕۆدا گەیشتووە .
دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی وەك (کوردستان) لەبارودۆخێکی تایبەتی خێدا سەرەتایەکی پێشنگدار بووە بە چونە نێو ژیانی هۆشیاری نەتەوەیی و پتر پەرەپێدان و خزمەتکردنی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری و کلتوری ڕەسەنی کوردی ، هەرئەوەش بەتە فاکتەرێکی کاریگەر بە ڕۆژنامەنوسانی کورد کەوا ڕۆژی چاو هەڵهێنانی ڕۆژنامەی (کوردستان) بەڕۆژێکی مێژوویی لەقەڵەم بدەن و سیمینارو مەزگرد و کۆبوونەوەی چڕ و پڕ هەمەلایەنەی لەسەر ببەستن . چونکە ڕۆژنامەی (کوردستان) بەردی بناغەی ڕۆژنامەنووسی کوردی داناو بوو بە ڕێبەر و ڕێنیشاندەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی دوای خۆی . ڕۆژنامەگەری لەپاڵ هەرسێ دەسەڵاتەکەی تردا ــ یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن ، بەدەسەڵاتی چوارەم ناسراوە . ڕۆژنامە هەیەکە بە گواستنەوەی ئەو زانیاری و زانستانەی کەهەیە و لەگەیەوە دەگاتە ناو خەڵك و سودیان پەدەگەیەنێ و ڕێ نیشاندەریشە لەزەربەی بوارەکانی ژیان .
گومان لەوەشدا نییە کە یەکەك لەئەرك و پێیامە هەرە مەزن و پیرۆزەکانی ڕۆژنامە ئەوەیە کەبتوانێ بەسانایی بچێتە دڵی خەڵکەوە و لەهەمان کاتیشدا بتوانێ لەئاست ویست و خواست و داواکاریی

خوێندرابێت . دیارە هەرژنامەیەکیش خوێنەری نەبێت یان لەماوەی دەرچونیدا نەیتوانی خوێنربەخێ ابکشێ ، یان خوێنربەخێ دروست بکات ئەوانابێتە خاوەن سەنگەکی ئەوتۆ . چونکە سەنگ ومانەوەی ژنامە پەیوەستە بە خوێنرانەوە .

سەد و بیست و سێ ساڵ لەمەوبەرەوناکبیر و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد یەکەم تێکۆشەری مەیدانی ژنامەنووسی کوردی (میقداد مەدحەت بەدرخان) بەبڵاوکردنەوەی (کوردستان) یەکەم ژنامەی کوردی ، بەردی بناغەی ژنامە نووسی کوردی دانا .سەدەیەك زیاترە نەتەوەی کوردیش قۆناغێکی نوێی لەژیانی خێی دا دەست پێکردووە و خاوەنی ژنامە نووسی بەزمانی خۆیەتی.
دەرچوونی (کوردستان) لە (22ی نیسانی 1898) لەقاهیرەدا، بەیەکڵك لەگرنگترین ڕووداوەکانی مێژووی نەتەوەی کورد دادەنرێ . چونکە جگە لەوەی بۆیەکەمجار بوو کورد ژنامەی بەزمانی خێی دەبوو، لایەنێکی تازە لەتێکۆشانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیش هاتە نێو ژیانی گەلی کورد.

ژمارەکانی ژنامەی کوردستان:
ژنامە پێوەرێکی ڕاستەقینەی گۆشەساندن و بەرەو پێشەوە چوونی هەر کۆمەڵگایەکە بۆ تایبەتیش ژنامەگەری سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێست، ژنامەی کوردستان بوو بەچەکی کاریگەری دەستی خەباتگێڕانی کوردستان و کۆتە خزمەتی کوردستان بۆ گۆشەپێدان و پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی و زمان و ئەدەبیات و فەرهەنگی کوردی، ژنامەی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵی تەمەنیدا(1898ـــ1902) (31) ژمارەی لە چوار وڵات دا لەدەرچوو، ئەگەرچی ئەم ژنامەیە بۆ ماوەی جیا جیا و شوێن و وڵاتی جیادا دەرچووە و بەناو بۆتەوە بەناونیشان بۆ سەردەمی ئەو کات ژ و دەوری کاریگەری زۆری بەسەر ئەو بارودۆخی ئەو ژگارەدا هەبووە. ئەوتا هەرجارەی لە شوێنێک دەرچووە و بڵاو بۆتەوە بەم شێوەیە.

یەکەم پێنج ژمارەی واتە (1ـــ 5) لەقاهیرە لەچاپخانەی (الهلال) چاپ کراوە و لە(6ـــ 19) لەجنێف و لە (20 ـــ 23) دیسان لەقاهیرە و ژمارە (24) لە لەندەن و (25ـــــ 29) لەفڵکستێن و ژمارە (30 و 31) دووبارە لەجنێف دەرچوون .
ژەژی (22 ی نیسانی ساڵی 1898) یەکەم ژنامە بەزمانی کوردی ڕووناکی دیوە و لەلایەن (میقداد مەدحەت بەدرخان) لەشاری قاهیرەی پایەختی وڵاتی میسر دوو هەفتە جارێك دەردەچوو.
ژنامەیەکی سیاسی وێژەیی گشتی بووە و سێ هەزار دانەی لە چاپ

دەکرا هەزار دانەشی پێش کەش دەکرا لەکوردستان پاشکەیەکیشی بەزمانی فەرەنسی هەبووە .

ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لە(1ـــ 31) جگە لە ژمارەی (10 ،12، 17 ، 18 ، 19) لەکتێبخانەی حکوومی لەشاری (ماربورك) لەئەمانیای ڕۆژئاوا پارێزراون و دکتۆر کەمال فوئاد لە ساڵی 1972 ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ئەرشیفی کتێبخانەی ماربۆرکی ئەلمانیا پارێزراون وەك کتێبێك بە ناوی (کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی) لە چاپی داوە.
ئەم ڕۆژنامەیە بەکوردی پاراوشێوەی کرمانجی ژووروو شێوەی جزیرە و بۆتان نوسراوە و بەچوار لاپەڕە دەردەچوو بەقەبارەی (50،25 سم × 32،50سم) و پیتی عەرەبی لەسەر نەسەقی فارسی و بەکاغەزو چاپکی دڵگیرلەچاپ دراوە .
میقداد مەدحەت بەدرخان جگە لەوەی کە یەکەمین ڕۆژنامەنووس و دامەزرێنەری بزاڤی کوردییە، چاپخانەیەکیشی بە ناوی "چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان» لە قاهیرە دامەزراندووە کە بە یەکەمین چاپخانەی کوردی هەژمار دەکرێت.

بەدرخان جگە لە زمانی زگماکی خۆی و تورکی و عەرەبی، زمانی فەرەنسیشی بە باشی زانیوە، بۆیە لەگەڵ بۆاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا کارتێکی بە زمانی فەرەنسی بۆاو کردووەتەوە کە شارستانیبوونی عەقڵی میقداد مەدحەت بەدرخان نیشان دەدات.
بەهۆی دژایەتی لایەنی عوسمانی، ئەوا ڕۆژنامەکە ژمارەکانی لە چەند شارێکی جیا چاپکران، لەدوای قاهیرە ئەوا لە شارەکانی ژنێف، لەندەن و فڵکستۆن چاپکران، ڕۆژنامەکە لەناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی قەدەغەکرابوو، بەڵام بەشێوەی قاچاغ دابەشدەکرا. بەگوێرەی نامەیەکی سەرنووسەرەکەیەوە، ئەوا ڕۆژنامەکە لە شارەکانی ئامەد، مەردین، ئەدەنا و دیمەشق خوێنەری هەبووە. لە ژمارەی شەشی ڕۆژنامەکەوە، ئەوا کاری چاپکردن و سەرنووسەری کەوتە دەست عەبدولڕەحمان بەدرخان، کە برا بچووکی میقداد بوو.
لە ساڵی ١٩٩١، لەکاتێکدا ئەمین بۆز ئەرسڵان ئەو چاپانەی ڕۆژنامەی کوردستان کە لەبەردەستیدابوون وەریگێڕایە سەر زمانی تورکی ئەمڕۆ، ئەم ڕۆژنامەی لە ماوەی تەمەنیدا 3 سەرنووسەری بووە، میقداد مەدحەت بەدرخان، عەبدولڕەحمان بەدرخان و سوریا بەدرخان. هەروەها لە ژمارە 4-5 ی ئەم ڕۆژنامەیەدا هاتووە کە ئەم ڕۆژنامە لە لایەن چاپخانەیەکەوە بە ناو چاپخانەی ڕۆژنامەی کوردستان

دەردەچێت کە لە قاهیرە دامەزراوە و ئامۆ دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم چاپخانە یەکەم چاپخانەی کوردییە کە لە لایەن مەقداد مەدحەت بەدرخانەوە دامەزراوە. بە هەر حاڵ ڕۆژنامەی کوردستان لە لایەن کەسانێکەوە دامەزراوە کە بە تەواوی ئاگاداری بیری نوێی جیهانی بوون و هەر سێ سەرنووسەری ئەم بڵاوکراوەیە کەسانێک بوون کە زمانە ڕۆژئاواییەکان و بە تایبەت زمانی فەرانسەو ئینگلیزییان زانیوەو بەم شێوەیە هەوڵیانداوە بۆچوونی بتوانن کاریگەرییان هەبێت لە سەر کەمەگای خەیان، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەرچوونی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی لەو سەردەمەدا لە کوردستان کارێک بوو کە ئیزنی پێنەدەدرا هەر بۆیە لەخۆا نییە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی، لە تاراوگە دەردەچێت، ئامۆژگاری هەمان ترسی دەسەڵاتدارانە لە بڵاوبوونەوەی کولتووری کوردی، لە بەر ئەوەی ئەوان بە هەموو شێوەیەک دژ بەوە بوون کە بەشێک لە دانیشتوانی ناو هەرێمی دەسەڵاتداریەکەیان (کە ئەو کات بە هەرێمی گەورەی ئیسلامی _عوسمانی) دەزانرا لە باری نەتەوەییەوە خەی لەوان جیا بکاتەوە. لەبەردا بە شێوەیەک ئەم ململانێیەی نێوان دەسەڵات و ڕۆژنامە هەر لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانەوە دەبیندرا و ئەم ململانێیە بەرامبەر لە نێوان ڕۆژنامەی کوردی و دەسەڵاتدا هەر بوونی بووە و ئێستاش هەر هەیە.
میقداد میدحەت بەدرخان بیرکەی ئەوەی هەبوو کە ڕۆژنامەی کوردستان ١٥ ڕۆژ جارێك بڵاوبکرێتەوە، بەڵام بەهۆی زەحمەتییەکان ڕۆژنامەکە بە ڕۆکوپێکی چاپ و بڵاونەکرایەوە. لە دوای دەرکردنی ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەکە، دەوڵەتی عوسمانی ڕۆژنامەکەی قەدەغە کرد و نەیهێشت لە لایەن گەل بخوێنرێتەوە. بەهۆی زەخت و زۆرداری عوسمانییەکان لەسەر میسر، میقداد میدحەت ناچاربوو ڕۆژنامەکە لە شوێنی جیاواز دەربکات. میقداد میدحەت بەدرخان تا ژمارە ٦ ڕۆژنامەکەی دەرکرد، دواتر عەبدوڵەحمان بەدرخانی برای ئەرکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەکەی گرتەئەستۆ. (3) ژمارەی سەرەتا بەگشتی کوردی بوون
ڕۆژنامەی کوردستان ڕۆژنامەیەکی سیاسی وێژەیی گشتی بوو سێ هەزار دانەی لە چاپ دەکرا و هەزار دانەشی پێش کەش دەکرا لە کوردستان و پاشکۆیەکیشی هەبوو بەزمانی فەڕەنسی.

زمانی ڕۆژنامەی کوردستان :
ڕۆژنامەی کوردستان کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە و کاروانی ڕۆژنامەگەری وشەی ڕەسەنی کوردی لەو ڕۆژەوە دەستی پێکردووە و بە گەلە قەناغی جیاجیادا تێپەڕیووە تا بە قەناغی زێرین و گەیشتووەتە ئێمە ، زمان لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کوردییەکی پەتی نەبووە

بەکو پر لە وشە و زاراوەی زمانی عەرەبی بووە و زمانەکی تەکنیکاو بووە و بەشەکی ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانی عەرەبی بووە و تاکو کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی لە داوا ڕۆواکانی گەلی کورد بگەن. ئەم ڕۆژنامەیە بە زمانی کوردی و دیالێکتی کرمانجی ژووروو (زاراوەی جزیر و بۆتان) بووە.

ڕۆژنامەی کوردستان بایەخی بۆچی دەدا؟

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لەگەڵ بەرە و پێشەوە چوونی کۆمەڵگا جیاجیاکان بە کۆمەڵگەی کوردیشەوە لە زەربەی بوارەکانی ژیان، ڕۆژنامەی (کوردستان) وەک پێداویستییەکی هەرە گرنگی سەردەم هاتە کایەوە و بە هەیەوە گوزارشت لە مەسەلە بنچینەییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیری و دەستنیشانکردنی پێگە و ڕۆ و شوێن بە داهاتوو دەکرا. ڕۆژنامەگەری ڕێگایەک بوو بە وروژاندنی زەرەک لەو کێشانەی کە ڕووبەرووی کۆمەڵگەی کوردی دەبوونەوە زەرجاریش ڕێگەی چارەی کێشەکانی دەست نیشان دەکرد. بەم ڕۆژنامەی (کوردستان) هەر لەو ڕۆژەی چاوی هەڵهێناوە و کۆتە پێخشکردنی زانست و ئەدەب و مەعریفە بە بەرەو پێش بردنی چین و توێژەکانی میللەتەکەمان، ئەگەرچی لە سەرەتاوە گەورەترین ئەرکی کارکردن بووە لەسەر بەدەستهێنانی مافە سیاسیە زەوتکراوەکانی میللەتەکەمان و وشیارکردنەوەی تاکەکانی گەل، لەم ڕووەوە لە نەتەوە هاوسەکانیان وەکو عەرەب و تورک و فارس دوا نەمێنن و کار بە دروستکردنی قەوارە و ئەو دام و دەزگایە بکەن کە مافە نەتەوەییەکانیان تیادا بەرجەستە دەبێت. لەگەڵ ئەمانەشدا ڕۆژنامەکە بایەخێکی زەری بە بواری ئەدەب و مۆزوو و خوێندن و خوێندەواری داوە و هەروەها هەوڵی داوە کە میللەتی کورد هۆشیار بکاتەوە و بیری نەتەوایەتی لە مێشکی تاکی کورددا بچەسپێنێت و داوای بەرهەستی زوڵم و زەرداری کردووە.

هەروەها ڕۆلێکی سەرەکی لە خەباتی کورد بە سەربەخۆیی گەیاوە، سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەری کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم شۆڕشێکی ئەدەبی و فیکری و ڕۆشنبیری و کلتوری و سیاسی بەرپاکرد دژ بە داگیرکەرانی نیشتمانی کورد ، بەم (22)ی نیسان لە مۆزووی کلتوری و فەرهەنگیمان شوێنی تایبەتی خۆی هەیە بە وەی بە یەکەمجار دوور لە کوردستان یەکەم چریکەی ڕۆژنامەی کوردی هەڵکرا. هەر لە ڕۆژنامەی کوردستانداوتاری سیاسی و چیرۆکی شیعری و شیعر و پێخشان بڵاو دەکرانەوە (کوردستان) پێشەنگی کاروانی ڕۆژنامەنووسی کوردی یە کە بە مەبەستی ڕاچەنین و هۆشیاری بیری نەتەوەیی دەرچووە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە میانی بابەتەکانیدا هەوێداوە ڕایەکانی پاراستنی کولتور و ئەدەبیات و هونەر و زمان بپارێزێت و ئاو پێیامش ئاراستەی ڕاستەکانی نەتەوەکەی بکات. و بایەخێکی تایبەتی بە شیعری هەردوو شاعیری نەتەوەیی کوردستان (خانی و حاجی قادری کۆیی)داوە و بە وردی سەروتاری ڕۆژنامەکەی نووسیووە.

بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان سەرچاوەیەکی گرنگ و بەسوود بۆ تێگەیشتنی زۆر لایەنی ژیانی و سیاسی و کۆناکبیری کورد لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. زانیاریەکانی ناو (کوردستان) یاریدەدەری مێژوو نووس دەدەن لە پەیوەندی نێوان کورد و ئەرمەن و چالاکیی نیشتمانپەروەرانی کورد لە ڕۆژی ئیتیحادیەکان و شۆڕشی سواری حەمیدی لە مێژووی نوێی کورددا.
لەبابەتەکانیشیدا بابەتی هەمەڕەنگ بووە وەك { ئامیاری ، مێژوویی ، کۆمەڵایەتی ، وێژەیی ، بابەتیبەتی شیعر بۆاوکراوەتەوە } کەواتە (22) ی نیسان وەرچەرخانێکی گەورە بوو لەمێژووی نەتەوەی کورد و بزاڤێ ڕزگاریخوازەکەیدا ، چونکە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان لەسەر دەستی نیشتمانپەروەری کورد (میقداد مەدحەت بەدرخان) بایەخێکی مەزنی هەبوو بە بەرهەنگاربوونەوەی ژێر دەستی و بانگهێشت کردن بە برایەتی نەتەوەیی لەنێوان گەلی کورد و گەلانی دراوسێی .

لەژێر ناوی ڕۆژنامەکە ئەم بابەتە بەزمانی تورکی تیا نووسراوە ((لەپێناو ئاپەرینی کورد و هاندانیان بۆ هونەر ئەم ڕۆژنامەیە بەزمانی کوردی هەر پانزە ڕۆژ جارێ بۆاو دەبێتەوە)) هەروەها لەلای ڕاستی ڕۆژنامەکە نووسراوە (لەهەر ژمارەیەك من دوو هەزار دانە بەبەلاش بۆ کوردستان دەنێرم تابدرێ بەهەڵەکانی گەل) ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ڕۆژنامەی کوردستان سێ هەزار دانەی لە چاپ دەکرا و لەکوردستان بەبەلاش و لەدەرەوەش بەئابونەی ساڵانەی 80 قروش بووە .

سوود لێم سەرچاوانێ وەرگیراوێ .

1ـــ ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانێ (1450ـــ 1500) د.مەغدید سەپان هەولێرـــ 2005 لەچاپکراوەکانی کۆی زانیاری کوردستان .
2ـ چەند بابەتێکی ڕۆژنامەوانی . محەمەد سەعید کوردێ، هەولێرـــ 2004، چاپی یەکەم چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر .
3ـــ کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی . وریا جاف ،هەولێرـــ 1998 چاپخانەی وزارەتی ڕۆشنبیری .
4ـ ڕۆژنامەگەری لەسەرەتای سەرهەڵدانەوێ تاچەرخی نوێکاری، برایمی

مەلا ، هەولێر ـــ 1998 ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری.
5ـ ڕۆژنامەگەری کوردی لەعێراق بەرایییەکان (1914 ـ 1939) فاروق عەلی عومەر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر چاپی یەکەم 2001
6ـ دیداری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری کوردی ، ئازاد هیدایەت دلێ ، چاپی یەکەم ـ 1999.
7ـ کوردستان ، ئامادەکردن و پێشکی نووسین:قادر وریا،هەولێر ـ 1998.
8ـ ڕۆژنامە لە کتێبدا ، نەوزاد عەلی ئەحمەد ، بەرگی سێیەم ، چاپی یەکەم ـ 2013
9ـ مستەفا شەوقی و پێژە ، ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی : مومتاز حەیدەری ، هەولێر ـــ 1985.
10ـــ لە یادی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا ، نووسین و ئامادەکردنی: پ.د.عومەر پەتی ، هەولێر ـ 2012چاپخانەی ماردین.
11ـ ڕۆژنامەگەری کوردی ، چەند سەرە قەڵەمێک لەبارەی تەکنیک و هونەرەکانی، چاپی دووەم ـ 2006 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
12ـ سایتی وشە ، هیدایەت جان ، 2017
13ـ فەرهاد شاکەیی، باس نیوز، 12/4/2021

شیعری کوردی لەخراپترین قۆناغی تەمەنیدا !... کاروان حەسەن سلێمان

لەسەرەتای سەرهەڵدان و دەستپێکردنی شیعرەوە لە ئەدەبی کوردیدا، کە لە باباتاهیری هەمەدانی یەوە(٩٣٧-١٠١٠)ی زاینییەوە ژیاوە، شیعری کوردی دەست پێدەکات تاکو ئەمڕۆ، واتا تەمەنی شیعری کوردی زیاتر لە(١٠٠٠) ساڵە و لەوماوە درێژدا شیعری کوردی بەدیان قوتابخانە و ڕەوتەو و وەستگە و قۆناغدا تێپەڕیوە، بەڵام هیچ کات لەو قۆناغ و سەردەم و کاتانەدا وەک ئێستا بە بایەخ و خراپ و بە ناز نەبووە! ئەوەتا ڕۆژانەشیعر لە خاچ دەدرێ زیندەبەچاڵ دەکرێ ڕەسوا دەکرێ بە وشە و ڕستە و بەرهەمی کرچ و کاڵ، ڕۆژ نییە بەناوی شیعرەوە بابەتگەلێکی سواو بە مانا بە سەروبەر لەمیدیاکان

لەژنامە و گۆڤارەکان لە کتێبە بەناو دیوانەکان چاپ و بڵاو نەکرێنەوە. ئاخرشیعر ئەوەنیە دوو وشەو هەستی سەروادار ڕیزبکرێت و ناوی بنێی شیعر، ئاخر لەهەزار ساڵی تەمەنی شیعرەوە شیعرنەبووە بە ئیحساس و واتا و خاڵی لەهەست و سۆز، ئەی کەواتا ئەوهەموو بە سەروبەریەی شیعر بە؟ زۆربەی ئەوبەناوشاعیرانەی ئێستادەنووسن بە ئاگان لەیاسا و دەستوور و بنەماکانی شیعر(عەرووز، کێش، سەروا، ڕیتمی ناوەوە، جوڵەئێستاتیکیەکانی شیعر، هونەرەکانی هەوانبەژی، هاو واتایی و هتد...)

ئەگەرباسی شیعری کلاسیک بە خۆ بە شیعری ئازادیش چەندین یاسا و دەستور و بنەما هەیە(ئاوازی ناوەوە، جوانیناسی، مانای قوڵ، دەربڕینی زۆرترین مانا بەکەمترین وشە، هەوانبەژی وهونەرەکانی، ڕیتم و سەروای گونجاو لەشوێنی خۆی، جۆری بەگۆ و چۆنیەتی دابەشکردنیان) بەڵام لەقەناغی ئێستای شیعری کوردی زۆربەکەمی و بەحاڵ ئەویاسا و دەستور و کارانە لەشیعردا بەرجەستەدەبێ و دەبینرێن کەچی زۆری و بۆری و بە سەروبەریەکان لەشیعری کوردی لەقەناغی ئێستادا هەروا زیاد دەبن و هەژانێ دووبارە و دەبارە دەبنەوە، ئاخر ناکرێ تۆ شارەزایەکی سەرپێیت هەبێ و دەست بکەیتەقەڵەم و بەوشە بەشێتەوە و بەخێت بەڵێی شاعیر و وشە بە مانا و کرچ و کاڵکانیش بەشیعر هەژمار بکەی، ناکرێ پاشخانێکی قوڵت نەبێ لەناسین و خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیک و نوێبوونەوەی شیعری کوردی و نەناسینی (باباتاهیر و مەلای پەرێشان و مەلای جزیری و نالی) بەخێشت بەڵێی شاعیرئاخر ئەوچوارە شەڵەسواری شیعری کوردین و بناغەدانەر و بنیاتی شیعری کوردی لەدەست ئەمانبووە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ ، ئیترچۆن خۆت دەخەیتە ژێر ئەوبارە قورسە و وشە و هەستە و کەمەڵک شتی بە واتا دەژنیە سەرکاغەز و پێشیدەڵێی شیعر و خێشت بەشاعیر دەناسێنی. لەلایەکی تر نازانم چۆن وەزارەتی هەشنبیری هەگادا ئەوهەموو بە سەروبەریە لەبواری شیعر دا چاپ و بڵاوبکاتەوە؟ ئاخرشیعر هەر وشەیزکردن و دروست کردنی سەروایەک نیە بە هازاندنەوەو هەک کردنی هوخساری شیعرەکە؟

شیعرئەبێ ئیحساس بە بتجوڵێنە ناخت ئاودا، بیروهزرت بجوڵێنە و وابەستەی خۆت بکات لەمانا و زانیاری و چۆژ و لەززەتدا، ناهێن هیچ بڕهەمەک باش نیە و هەمووی زۆربی سفر بکەین بەکو گەنجی وامان هەیە بەجوانی و سەلیقەی باش و هەشنبیری چاک لەخزمەت شیعربەکلاسیک و شیعری ئازادەوە، بەڵام بەواتانبە بەشی هەرزۆری بەناو شیعرەکانی قەناغی ئێستای شیعری کوردی بریتیە لە دەردەدە و

هیچ پەیوەندی بەشیعرەوە نییە. ئەوتا(وشە)یزکردن لەفزەمی شیعریان شیعری وشەیزکردن بەتەدیاریدەیکی هاوچەرخ)(١)لەئەدەبی کوردی. لەلایەکی تر شیعر پەویستە چژبەبەخشە ئاخر جیاوازی نێوان قسەی ئاسایی و شیعر چییە ئەگەر چژی نەبەخشی ؟ ئەو وشانەی کەتە پێیان دەڵێی شیعر هەروەک ڕیچار دەڵێت: شیعر هونەرێکە مەبەستی ئەنجامدانی گەورەترین چژبەخشینەبەگوێگر(٢) کەواتا هەموو ئەو بەناو شیعر و بەرهەمانەی دوورن لەچژ و مانا و واتا خاڵین لەشیعر و دەردەدڵکی ئاسایین و ناچنە چوارچێوەی بەرهەمی شیعرییەوە. ئەوتا ڕەخنەگرانە دەبینین کەهەندە جار چەند دەڵێکی بە مانا و بە مەبەست بە واتا دەبینین بە ئەوەی هەڵگری هیچ ئامانجێک بە هەندە جاریش چەند ڕستەیەکی بە کەڵک.کەوابە چۆن شیعری باش و چاک لەیەک جیادەکرێتەوە ئەبە هانا بە ئەو وتەیەی (نیەس هاو)ببینن کەدەڵێ:شیعری باش تەمەنی درێژ و لەژیانی کەسانێکداچەند وشەیکی پیرەزی لەدەداهەڵگرتووە(٣) بەشیعری خراپیش پێچەوانەکەی ڕاستە.

کاروان حەسەن سلێمان ـ هەولێر

ـــــ (١)مرۆڤکەی تر،د.موحسین ئەحمەدعەومەر، چاپی یەکەم٢٠١١ لاپەڕە(٣٧)

(٢)دەروازەی شیعرناسین،جمال حبیب الله،چاپی یەکەم ٢٠١٣لاپەڕە(١٨)

(٣)نیەس هاو،شیعر بە ترسنۆکان نییە،ئامادەکردن و وەرگێڕان:ئالان پەری،چاپی یەکەم ٢٠١٦لاپەڕە(٦١)